پەروەردەکردنی منداڵ لە بەریتانیا

North East Migration Partnership

هەموو دایک و باوکێک دەیەوێت تەندروستی و ئاسایشی منداڵەکەی بپارێزێت و تێکڕا ئەو دەرفەتانەیان بۆ دەستەبەر بکەن بۆ داهاتووبان. لەوانەشە بەرەنگاری ئەو کۆسپانەش ببنەوە لە ولاتێکی نوێ، وەک ڕێسای نامۆ، دەستووری نامۆ، وە سەروو هەموشی زمانێکی نامۆ. ئەم نامیلکەیە بریتیە لە زانیاری گرنگ دەربارەی پەروەردە. بریتیشە لە ڕێکار بۆ خوێندن و پشتگیریکردنی منداڵەکەت بۆ خوێندن هەروەها پاراستنی منداڵ لە ئازاری جەستەیی و دەروونی چۆن منداڵ فێری پەیرەو دەکرێت.

ئەم زانیارییانە بژاردەکراون لەلایەن ئەو کەسانەی کە خۆیشیان پەناهەندە بوون وە ئەو شتانە دەخاتەڕوو کە پێویستن بزانرێت بۆ پەروەردەکردنی منداڵ بە جۆرێک کە پەسەن بێت لێرە و تووشی کێشەیەکت نەکات لەسەر سەرپێچی پەروەردە وە ئەو شتانەی کە لێرە شیاو نین و لە وڵاتانی تر شیاو بن سەبارەت بە منداڵ.

چوونە خوێندنگە

لەژێر قانوونی بەریتانیا دەبێت منداڵ نێوان تەمەنی ٥ بۆ ١٦ لە خوێندنگە بێت. وە نێوان تەمەنی ١٦ بۆ ١٨ دەبێت لە جۆرێک لە خوێندن یا ڕاهێنانی کار بێت. ئەرکی دایک و باوکە منداڵ بخەنە بەر خوێندن. ئەمە هەڵبژاردەی تیان نییە.

نەچوونەوەی منداڵ بۆ خوێندنگە دەبێت مایەی دواکەوتنیان لە خوێندن و نابێت بەڵێبت منداڵ نەچێتەوە تەنها ئەگەر هۆکارێکی پەسەند نەبێت. بۆ ئەمەش دەبێت خوێندنگە ئاگاداربکەیتەوە. دایک و باوک لەوانەیە باجداڕاو و ڕاپێچی دادبکرێن ئەگەر هات و کەمتەرخەم بوون لەمانە. خوێندگەکان زۆر بە ووردی چاودێری ئامادەکی منداڵەکان دەکەن، بۆیە ئەگەر منداڵەکەت نەیتوانی ئامادە بێت لە خوێندنگە دەبێت پێش ٨ و ٣٠ خوولەک ئاگاداریان بکەیتەوە. زانیاری زیاتر وەرگرە لەم ماڵپەڕە:

https://www.gov.uk/browse/childcare-parenting/schools-education

پاراستنی منداڵ لە ئازاری جەستەیی و دەروونی

دەسەڵاتی ناوخۆ لە بەریتانیا هێزێکی باڵایان هەیە لە پاراستنی منداڵ. تا ڕادەیەکی زۆریش نێوەگلاون لە ژیانی منداڵێک ئەگەر پێیان وابێت منداڵێک نێو مەترسی ئازارە. دایک و باوک بەپرسیارێتی ئەوەیان هەیە منداڵەکانیان ئاسایش و تەندروست بن بەلام دەسەڵاتی ناوخۆ ئەرکێکی دادەکی هەیە بۆ پاراستن و بەرگریکردنی بەرژەوەندی منداڵانی ناوچەکەیان. سەردانکەری تەندروستی، کارمەندی کۆمەڵایەتی، ئەنجومەنی شارەوانی و پۆلیس هەموو بەرکار لە دیاریکردن و یارمەتیدانی منداڵانی نێو مەترسی. چاودێری نیشانەکانی فەرامۆشی، ئازاردان، ئەشکەنجە، ناسازی دەروونی، پیسی، برسێتی یا بێسەرپەرشت ڕاگرتن دەکەن. ئەگەر خوێندنگە، سەردانکەری تەندروستی، یا هەر کەسێک گرفت ڕابگەیەنێت لەسەر ئاسایش و تەندروستی منداڵێک ئەوا پۆلیس و کەرمەندانی کۆمەڵایەتی دەبێت پشکنین بکەن. ئەوجا سەردانی دێبافەکە دەکەن بۆ دانستان و پێشنیادی هەرچ گۆرانێکی پێویست بۆ لادانی مەترسییەکە. گەر هات پێیان وابوو منداڵەکە هێشتا نێو مەترسییە، دەسەڵاتی قانوونیان هەیە بۆ دوورخستنەوەی منداڵەکە لە خێزانەکە بچنە ژێر چاودێری ئەنجوومەنی شارەوانییەوە. بۆیە قانوون و دەستووری بەریتانیا کارێگەری هەیە لەسەر بەخێوکردنی منداڵ و پاراستنیان لە ئازار و مەترسی و فەرامۆشکردن، وە کارێگەری هەیە لەسەر پەیرەویان.

سەرپەرشتیکردنی منداڵ

ئەگەر دێباڤێک باش سەرپەرشتی منداڵەکەی نەکات ئەمە دەچێتە بواری فەرامۆشییەوە. بۆ نموونە ئەگەر منداڵێک نێو مەترسی بێت و ئەو بە مەترسییە نەزانن یاخود نەزانن چۆن دووربخەنەوە لێی و لە کاتی فریاکەوتن چۆن هەڵسوکەوت بکەن. ڕێنمایی نەتەوەیی دەڵێن کە ساوا و منداڵانی زۆر بچووک نابێت بۆ ١٥ خوولەکیش بەتەنیا جێبهێڵرێن. ئەوانەی ژێر ١٢ سال ناشتوانن بەتەنهیا بن یا ئاگایان لە منداڵێکی تر بێت یا خواردن بۆ خۆیان ئامادەبکەن بەبێ سەرپەرشتی هەڕاشێک. منداڵانی ژێر ١٦ نابێت بەتەنیا شەوتابەیانی جێبهێڵرێن. قانوون تەمەنێکی بەووردی دیارینەکردووە بۆ جێهێشتنیان بەتەنیا چوونکە هەر منداڵ و بە ئەندازەیەکی جیاواز گەشەدەکات. دێباڤێک دەبێت هەڕاشی منداڵەکەی ڕەچاوبکات و هەموو مەترسییەک لابدات وەک چەقۆی تیژ، پەنجەرەیەکی کراوە نەوەک لێی بکەونە خوارێ و باش فێریان بکات چۆن کاردانەوەیان هەبێت لە کاتی فریاکەوتن.



منداڵی بچووک دەشبێت سەرپەرشتی بکرێن کاتێک لە دەرێ یاری دەکەن وەک پارکەکان. خوێندنگە سەرەتاییەکان چاوەڕێی ئەوە دەکەن کە دایک و باوک منداڵەکانیان بهێنن بۆ خوێندنگە و بشیانبەنەوە. هەموو خوێندنگەیەک ڕێسای خۆی لەسەر ئاسایشی منداڵ بۆ هاتنی بەتەنیا بۆ خوێندنگە. دەبێت خوێندنگە ئاگاداربکەینەوە ئەگەر کەسێکی نەناسراو بەوان بیەوێت منداڵەکەت هەڵگرێت وەکوتر ڕێگەنادەن منداڵەکەت لەگەڵ کەسێکی نەناسراو بڕوات.

لەوانەیە ئەمە جیاوازی هەبێت بەراوورد ئەوەی پەسەند بێت لە وڵاتی خۆت و لەوێ لەوانەیە منداڵ لە تەمەنێکی زووترەوە بەرپرسیارێتی بدرێتێ. بەڵام گرنگە ڕەچاوی ڕێسا و ڕێکاری بەریتانیا و بەخێوکردنی بکەیت.

بۆ زانیاری زیتاتر سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە:

https://www.nspcc.org.uk/keeping-children-safe/

تەمبێکردنی منداڵ

وەک زۆر لە وڵاتانی تریش نێو جیهان، لە بەریتانیاش بۆچوون لەسەر تەمبێکردنی منداڵ بە شێوازی جەستەیی گۆڕاوە، وەک زللە. ئێستە وەکو ئازاردەر و تووندوتیژ سەیردەکرێت. کەواتە ئەم پەیامەیە بە کورتی- دایک و باوک نابێت بۆ تەمبێکێکردنی منداڵ ئازاری جەستەیی یا هەڕەشەی ئازاری جەستەیی بەکاربهێنن.

هیچ جۆرە تەمبێکردنێک نابێت منداڵ بئاوسێنێت، بیرێت، بڕوشێنێت، پرزێت، یا پێستی سوور و شین بکاتەوە بی هیچ ئەندازەیەک. دەسەڵاتی ناوخۆ دەبێت هەموو دۆخێکی ئەم مەترسی و ئازارانە بپشکنن ئەگەر بێت و تەنها زللەیەکیش بێت.

ئەگەر پێشیان وابوو کە منداڵەکە بەرەنگاری ئاراز و مەترسی تر دەبێتوە ئەوا لەوانەیە منداڵەکە دووربخەنەوە و بۆ ماوەیەک لە دایک و باوکی بسەنن و بیانخەنە ژێر چاودێری خۆیان. ئەمەش بەتایبەتی کاتێک دەکرێت ئەگەر هەرچ ئامێرێک بەکاربێت بۆ لێدانی منداڵەکە، وەک پێلاو، کەوچک یا قایش.

کارمەندی کۆمەڵایەتی پەیوەندی دەکات بە دێباقەکەوە بۆ دۆزین لەسەر گرفتەکان و پەرەپێدانی دارێژێکی کار بۆ چاککردنی بەخێوکردنی منداڵەکە. لەوانەیە هەژمند بێت بەڵام باشترین ڕێگە ئەوەیە گوێی لێبگرن و بزانن گرفتی چییە، وە هیچیان لێ نەشاردرێتەوە هەموو کێشەیەک کە منداڵەکەی خستبێتە مەترسییە وە بۆ چارەسەر بگەڕێن. لەوانەیە ئەوە بگەیەنێت کە دایک و باوکەکە دەبێت هەندێک شت بگۆڕن. بەڵام بۆ ئەمە پشتگیری دەکرێن. ئەگەر دایک و باوکەکە هەر بێدەنگ بمێننەوە ئەوا کارمەندی کۆمەڵایەتی ناوتوانی ئەرکی پاراستنی منداڵەکە بەجێبهێنێت بۆ دڵنیابوون لەوەی منداڵەکە ئازادە لە ئازار و مەترسی. ئەگەر نەشتوانن پشکنین و گەڕان خۆیان بکەن ناتوانن مەترسییەکان لابەرن بۆیە لەوانەیە بگاتە ئەوەی منداڵەکە لە خێزانەکە دوورببخەنەوە. کەس حەز بەمە ناکات. بۆیە هەرچ تێوەگلانێک هەبێت بەرەو باشتر ناڕوات ئەگەر دایک و باوکەکە هاوکار نەبن لەگەڵ دەسەڵاتی ناوخۆ.

پەیوەندی دایک و باوک لە ماڵەوە

منداڵ ئازارێکی زۆر و دڕێژخایەنی دەروونی دەچێژن ئەگەر چاودێر و گوێبیستی تووندوتیژی نێوان دایک و باوکیان بن ئەگەر منداڵەکە خۆیشی ئامانجەکە نەبێت. بەڵگە زۆرە کە تووندوتیژی خێزانی کاریگەری زۆر خراپی هەیە لەسەر ژیانیان بەتایبەتی ئەگەر لە تەمەنێکی زۆر زوو چاودێری ئەمە بن. دەتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەر سەرنجیان لە خوێندنگە، تووشبوونی خەمۆکی، بەدخۆراکی و کاردانەوەی تووندوتیژانە. زۆرترین تووشی تووندوتیژی دەبن وەک تاوانلێکراو و وەک ئارادەر ئەگەر لە ماڵەوە ئەم کێشانە هەبن. کە گەورەش بوون ئەگەری زیاترە تووشی تووندوتیژی ببن وەک تاوانلێکراو و ئارادەر. تووندوتیژی خێزانی دژی قانوونە. ئەگەر پۆلیس و کارمەندی کۆمەڵایەتی ئاگاداری ئەم دۆخانە بن لەوانەیە بە یەکێک لە دایک یا باوکەکە بڵێن شوێنەکە جێبهێڵێت تاکو چیتر منداڵەکە ئازاری دەروونی و جەستەیی نەچێژێت. یاخود لەوانەیە منداڵەکە ببەنە ژێر چاودێری ئەنجوومەن و لەوێ بەخێوبکەن.

خەتەنەکردنی کچان

ڕێپێدراو نییە کردنی، ڕێککخستنی، هاندان و یارمەتیدانی خەتەنەی کچان کە لە بەریتانیا ناسراوە بە بڕێنەندامکردنی ژنان. ئەمە بە ئەشکەنجەدان هەژمارە و دەبێتە هۆکاری چەوسانەوە دەروونی و جەستەیی درێژخایەن و باجەکەشی ١٤ ساڵ زیندانیکردنە.

منداڵ و ڕاتا (سەیارە)

بۆ پاراستنی تەندروستیان ڕێپێنەدراوە جگەرەبکێشیت یا بهێلیت کەسێکی تر جگەرە بکێشێت کاتێک منداڵێکت لەگەڵ بوو ناو سەیارەکە تەمەنی ژێر ١٨ بێت. منداڵی ساوا و ژێر ١٢ ساڵ و ژێر ١٢٥ سم دەبێت کورسی منداڵیان بۆ دانرێت. پۆزش تەنها کاتێک هەیە کە فریاکەوتن بێت، یا گەرانێکی کتوپڕ بۆ شوێنێکی نزیک یا تاکسییەک تیای نەبێت.

بۆیە ئەگەر فێری ئەوەیت بە ئازاری جەستەیی منداڵەکەت تەمبێکەیت ئەوا لێرە زۆر یارمەتی و پشتگیری هەیە کە فێرتبکەن ڕێکاری تر بگرێتە بەر بۆ تەمبێکردن و پەیرەوکردنی منداڵەکەت بە جۆرێک لەگەڵ ڕێسا و قانوونی بەریتانیا بگونجێت. دەتوانیت پەیوەندیان پێوەبکەیت یا داوابکەیت ڕەوانەی بەشی پەروەردەی ئەنجوومەنەکەی خۆتان بکرێت. وە ئەوان دەتوانن فێری ئەوەت بکەن چۆن سزا و پەیرەوی منداڵەکانت دەدەیت لەبری تەمبێکردنی جەستەیی.

چەند وانەیەکیان هەیە بۆ دایک و باوکان وە دەشتوانن بێنە ماڵەکەت بۆ ئارمەتی و پێدانی زانیاری لەسەر



پەروەردەکردنی منداڵ و ڕێکارە پەسەندەکانی.

لێرەوە زانیاری وەربگرە:

https://learning.nspcc.org.uk/safeguarding-child-protection/early-help-early-intervention

https://www.familylives.org.uk/advice/primary/behaviour/positive-discipline/

دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە منداڵانەی بە ناخۆشی و جەنگ و لەدەستانی ماڵ و لانەیان ڕۆیشتوون کاریگەرییەکی زۆری دەروونیان لەسەرە. ئەمەش لەوانەیە ڕەفتاری وای لێبکەوێتەوە کە قورس بێت بۆ دایک و باوک لەگەڵی بڕۆن. ئەوانەی کە هەراشیش پەژارە و ئائارامی زۆر دەبانگرێت بەتایبەتیش کاتێک چاوەڕێی وەڵامی بڕیارێکن لەسەر داواکاری مافی پەناهەندییان. بەهۆی ئەوەی کە بۆیشیان نییە کاریکەن لەوانەیە هەموو کاتەکان دایک و باوکەکە لە ماڵەوە بن پێکەوە. ئەمەش لەوانەیە بێتە هۆی گرژی و دڕووستبوونی ناکۆکی و تووڕەیی لە ماڵەوە لەسەر هەندێک شت کە پێشتر هێندە کێشەی دڕووست نەدەکرد. ئەو کەسانەی کە بە هەمان دۆخ و ڕەوشی ئێوە ڕۆیشتوون وا پێشنیادەکەن کە باشترە بچنە دەرێ و تێکەڵاو بن لەگەڵ کەسانی تر و بەشداری جۆرەها چالاکی ببن بۆ کەمکردنەوەی هەرچ خەمێک کە هەتبێت. زانیاری تر دەدۆزیتەوە ناو پێشوازینامە کە خانووبەرەت پێی داویت وە ماڵپەڕی هاوبەشی پەنابەری.

ئەو دێباقانەی خەمی کاریگەری ئەو ناخۆشی و تەنگەژانەیان هەیە لەسەر منداڵەکانیان دەتوانن پەیوەندی بکەن بە ڕیکخراوی هزری لاوان بۆ ئامۆژگاری نەپنیارێز و پسۆڕ لە:

https://youngminds.org.uk/find-help/for-parents/parents-helpline/

پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ خوێندنگە و کارمەندانی کۆمەڵایەتی

خوێندگەکان دەبێت چاودێری منداڵ بکەن بۆ هەرچ نیشانەی ئازار و فەرامۆشی. هەرچ گرفتێکیان هەبێت مامۆستاکان دەبێت تۆماری بکەن لەسەر کۆمپیوتەری ناوەندی. خوێندگە پەریوەندی دەکەن بە دایک و باوکەوە بۆ گرفتێک لەسەر بەخێوکردنی منداڵەکە تا بزانن چی ڕوویداوە. ئەگەر دایک و باوکەکە بێئاگا بن یا کێشەیان هەبێت لەگەڵ بەخێوکردن بەپێی ڕێساکانی بەریتانیا، خوێندنگە دەتوانێت لە ڕێگەی دەستەی پەروەردەی منداڵەوە پشتگیری و دارێژکاریان بۆ بکات. بەڵام ئەگەر دێباقەکە هاوکاری خوێندنگە نەبن لەم بوارە، خوێندگە دەتوانێت بابەتەکە ڕەوانەی کارمەندی کۆمەڵایەتی بکات.
هەندێک کێشە پەکسەر ڕەوانە بۆ کارمەندی کۆمەڵایەتی دەخاتەکار. ئەمانەش وەک ئازاردانی منداڵ. ئەگەر منداڵێک بڵێ 'دایکم لێیدام' یا 'ترسانمی بە کەوچکێک' یا ئەگەر نیشانەی ئازار و ئەشکەنجەی پێوە دیار بوو و هیچ ڕوونکردنەوەیەکیش نەبوو لەسەری، ئەرکی خوێندنگەیە بابەتەکە ڕەوانەی کارمەندی کۆمەڵایەتی بکات.

بۆیە زۆر گرنگە پێش کاتژمێر ٨ و ٣٠ خوولەک پەیوەندی بە خوێندنگەوە بکرێت و پێیان بووترێت بابەت چییە ئەگەر نیشانە و سووربوونەوەیەک دیاربوو بە منداڵێکەوە و چی ڕوویداوە. دێباڤێک کە ئینگلیزیبیان باش نییە دەبێت داوای یارمەتی بکەن.

دێباڤان و مافی منداڵ

ئەگەر دەسەڵاتێکی ناوخۆ پشکنین دەکات لەسەر گرفتێک دەربارەی ئاساییشی منداڵێک، هەردووک دێباڤ و منداڵ مافیان هەیە. پسپۆڕەکان لەگەڵ دێباڤ و منداڵ دەدوێن. دەیانەوێت بزانن منداڵەکە چی دەوێت ڕووبدات، چوونکە منداڵ مافی ئەوەی هەیە ببیسترێت لەسەر هەرچ پرپارێکی پاراستن لەسەر داهاتوویان. دایک و باوکەکە مافی ئەوەیان هەیە داوای وەرگێڕ بکەن تا دڵنیابکەنەوە لە تێگەیشتنیان و بەڕوونی پەیامی خۆیان بگەیەنن. تەنها کاتێک بەڵگەنامەیەک واژۆبکە کە ناوەڕۆک و دەرەنجامی تێگەیشتیتیت. ئەگەر بابەتەکە چوویێتە منداڵ پارێز، دایک و باوکەکە مافی نوێنەرایەتی قانوونیان هەیە لەلایەن داکۆکیکاری خێزانییەوە. لەوانەشە ئەمە پێبەرامبەر بێت ئەگەر لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە وەک داواکاری مافی پەناهەندەیی پشتگیریبکرێیت. کارمەندی کۆمەڵایەتی زانیاریت دەداتێ دەربارەی ئەمە وە دەشتوانیت زانیاری پێبەرامبەری بێلایەنی و سەربەخۆ و نهێنپارێز وەرگریت لە نزیکترین نووسینگەی ئامۆژگاری هاونیشتیمانیانەوە.

LEGAL AID

زانیاری تێکڕا لەسەر هەموو بابەتەکانی بەخێوکردن لە بەریتانیا دەستەبەرە تایبەت بە ڕێکخراوی یارمەتی بۆ پەنابەرانی باکوری ڕۆژهەڵاتی بەریتانیا لە:

https://www.nemp.org.uk/

پابەندکردنی منداڵەکەت بە قانوونەوە

دێباڤ دەتوانن منداڵەکەیان ئاگادارببکەنەوە لەسەر جیاوازی قانوونی بەریتانی وڵاتی خۆیان. پێشیانبووترێت کە ناقانوونییە هەرچ کەسێک جگەرە و کحول بکڕێت ژێر تەمەنی ١٨. ڕێپێدراویش نییە هیچ هەراشێک بۆیان بکرێت. هەرچ کەسێک دەرمانی ڕێپێنەدراوی پێبێت، بەکاربهێنێت، یا بکڕێت و بفرۆشێت دەگیرێت، بەو کەسەشەوە کە داوای دەکات. ناقانوونییە پەیوەندی سێکسی بکرێت لەگەڵ کەسێکی ژێر ١٦ ئەگەر ڕێشتپێبدات. دەبێت لەگەڵ کەسێک بێت سەروو ١٦ ساڵ و بە ڕێپێدانەوە، ئەگینا ئەوەی دەستڕێژی و ئەتکردنە کە باجەکەی ١٥ ساڵ زیندانییە. هاوسەرگیریکردنی ئاساییە لە تەمەنی ١٦ ساڵی بە ڕێپێدانی دایک و باوکیان، وەکوتر ١٨ ساڵە.

پاراستنی منداڵەکەت لە ترساندن، کینەیی، هێرشی سەرهێڵ

منداڵەکەت هانبدە گرفتی خۆیان دەربڕن سەبارەت چۆن منداڵەکانی تر ڕەفتاریان لەگەڵ دەکەن. ئەگەر منداڵێکی تر ئازاری جەستەیی و دەروونیان بدات ئەمە پێی دەووترێت ترسادن و زۆرداری. ئەگەر ئەمەیان بەرامبەر بکرێت لەسەر نەژاد و ئایین ئەمە پێی دەووترێت کینەگەری. هەردووکی زیاندەرە بۆ تەندروستی منداڵەکە و دەبێت بوەستێنرێت. ناپێت خۆت چارەسەری بکەیت بە چوونە لای منداڵەکە یا دایک و باوکی. دەبێت قسە لەگەڵ مامۆستاکان بکەیت، تا ئاگادریان بکەیتەوە لەوەی ڕووەدات، چ چارەسەرێک دەکرێت و چۆن ڕێگری لە دووبارەبوونەوەی دەکرێت.

هەموو خوێندنگەیەک ڕێسای ڕەفتار و ڕەوشتیان هەیە و ئەرکی پاراستنی منداڵەکەتیان هەیە. ئەگەر ئەم ئازار و بێزارکردنە دووبارە بۆوە قسەبکە لەگەڵ بەرێوەبەر. دەشتوانیت پەیوەندی بکەیت بە پۆلیسەوە ڕاستەخۆ ئەگەر تاوان بەرامبەر منداڵەکەت کرا بۆ نموونە تووندوتیژی، دزی، هەڕەشە، بێزاری و تاوانی کینەیی. بۆ زانیاری لەسەر چۆنێتی پاراستی منداڵەکەت لە ترساندن و ئازاردان سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە:

https://www.bullying.co.uk/bullying-at-school/advice-on-contacting-your-child-s-school-about-bullying/

منداڵ لە تەمەنێکی زۆر زوو دەچنە سەرهێڵ و دەزانن چۆن بگەڕێن و تەونە کۆمەڵایەتییەکان بەکاربهێنن لە ڕێی ئامێری دیگیتاڵییە. دەکرێت بکەونە بەر مەترسی سەرهێڵییەوە و بەدەڕەفتاریکردنیان لەڕێی بابەتی نەشیاوەوە. ئەمە گرفتێکی گەورەیە بۆ هەموو دێباڤان و کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر تەندروستی و خۆئاگایی و هەستبەخۆکردن لەسەر منداڵەکان. دیسان منداڵەکەت هانبدە گرفتەکانیان لەگەڵ هاوبەش بکەن. ڕێکخراویش هەن بۆ ئامۆژگاری و ڕێکاری کردەکی بۆ بەڕێوەبردنی ئەم مەترسییانە و گەیاندنی هەرچ سکاڵایەک کە هەبێت و ڕێگریکردنیان لە دووبارەبوونەوە. بچۆرە:

https://www.bullying.co.uk/cyberbullying/